# ڕاپۆرتی قوتابخانەی دەڵاڵان سەبارەت بە کتێبی 52 پرسیاری فەلسەفی

بەڕیز کاک کەریم مستەفا

دوابەدوای گەیشتنی کتێبی 52 پرسیاری فەلسەفی بۆ منداڵان، ماوەیەک لە قوتابخانەکەماندا، قوتابخانەی دەڵاڵان- ی بنەڕەتی، لەگەڵ مامۆستایانی هاوکارام، تاوتویێمان کرد. دەرفەتمان بۆ ڕەخسا لە پۆلی چوارەم (بنەڕەتی) بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەم وانەیەم گوتەوە. هەستمان کرد، کە قوتابیان بیریان زۆر فراوان بووە، توانایی بیرکردنەوەیان چۆتە ئاستێکی بەرزتر و زۆر یارمەتیدەریش بوو بۆ تێگەیشتنیان لە بابەت و وانە زانیستەکانی دیکە. سەرەڕای ئەوە هۆکاریش بوو بۆ ئارام بوونەوەی قوتابیان و هەڵسوکەوتیان گۆڕا و دواتر بەدیقەت و وردبوونەوە، لە شتەکانی دەوروبەریان دەڕوانی.
لە دیداری گەشەدا (دیداری گەشە، دیدارێکە لە ساڵدا دووجار بە ئامادەبوونی باوانی هەر قوتابییەک و قوتابییەکە خۆیی و مامۆستاکەی، سێ قۆڵی، ساز دەدرێت) باوانی قوتابیان ئەم هەوڵەیان بەرز دەنرخاند، بۆیە ئێمەش هەوڵماندا ئەم بابەتە ببەینە دەرەوەی قوتابخانەش. ئەوەبوو لە چەند محازەرەیەکدا، لەگەڵ خوێندکارانی مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە، بەشی زانستەکان لە 2008/4/15 بۆ ماوەی 3 سەعات. لە بەشی باخچەکان دوو جار، جاری یەکەم لە 2007/5/25 بۆ ماوەی 2 سەعات و جاری دووەم لە 2008/7/20 بۆ ماوەی 3 سەعات، لە بەشی زمانی کوردی، لە 2008/7/17 بۆ ماوەی 3 سەعات. باسی ئەم کتێبە و بابەتەکانیمان بۆ خوێندکارانی ئەو بەشانە کرد. ئەمە بۆ ڕاهێنانی ئەو خوێندکارانە بوو کە دەبنە مامۆستایانی ئایندە، تا کاتی بوون بە مامۆستا بتوانن بەدوای ئەم زانستەدا بگەڕێن و لەو قوتابخانانەی کاری تێدا دەکەن، پراکتێکی بکەن.
(ئێستا بەشێکی ئەو خوێندکارانە بوونەتە مامۆستا و داوای کتێبی 52 پرسیار دەکەن.)
لە قوتابخانەکەماندا (لە دەڵاڵان) لە 2008/1/25 تا 2008/4/30 هەر هەفتەی وانەیەکی 50 خولەکی لەو کتێبە گوتراوەتەوە.
ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، سەپاندنی مەنهەجی زۆر، کەمی مامۆستا لە قوتابخانەکەماندا و کەمی کاتی قوتابیان، دەرفەتی ئەوەی نەدا، کە بتوانم بەردەوام بم. هەروەها کەم تەرخەمی لە نووسینی ڕاپۆرت و ناردنی نوسراو و وێنەکانی منداڵانی بەشداربوو، بۆ تۆی بەڕێز، بەشێکیشیان لە نەزانینەوە بووە، کە نەمان

توانیبێت گشت چالاکی و وانەکان بەڕاپۆرت و دیکۆمێنتەوە بنێرین بۆتان.

بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵە جوانەی تۆ ببێتە مەنهەج لە سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا.




سابیر سەلیم

بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەڵاڵان

ڕانیە 2010/2/26